

# چەک لە نێوان بەرگری و کارەساتدا

کورد بە درێژایی مێژوو چەکی سارد و گەرمـــی لە دژی هیـــچ نەتەوە و میللەتێك و بـــۆ داگیرکردنی خاکی هیـــچ وڵاتێـــك بـــەکار نەهێناوە، بەڵام بە درێژایی چەندین ســـەدە وەك بەرگری لە نیشـــتمان و لە پێناوی رزگاری لە ژێردەستی پەنـــای بۆ چەك بردووە و بەو هێزەش هەوڵی داوە هێزەکانی داگیرکـــەر لە ســـەر خاکی خـــۆی رابماڵێت، لە کۆتایی ســـاڵی رابردووش تـــا هەنووکە

پێشـــمەرگە بە چەکی سووك و قورسەوە لە شـــەڕێکی نەخوازراو و بـــە سەرســـەپێندراودا لە دژی تیرۆریســـتانی داعـــش و دەوڵەتی ئیســـلامی لە بەرەکانـــی جەنگدان و گەلێـــك داســـتان و نەبەردیشـــیان خولقانـــدووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا بە هۆی هەڵگرتنی نایاســـایی چەك لە ناو ماڵان هەندێکجار رووداوی دڵتەزێن رووی داوە کە قەرەبووکردنەوەی مەحاڵ بووە. بۆیە هاووڵاتییـــان داوای کۆنترۆڵکردنی دیاردەی چەکهەڵگرتنی نایاسایی دەکەن.



بێگومان چەك لە باشـــترین حاڵەتدا لە ناو كۆگاكاندا دەڕزێ و لە خراپترین حاڵەتیشـــدا گیان لە گیاندار دەســـتێنێ، سەرەڕای ئەوەش لە هەموو وڵاتانی دنیا یاسایەك بۆ چەكداریی ڕێكخراوە و تا ئاســـتێكی بەرچاو هەوڵی كۆنترۆڵكردنی دراوە، بەڵام لە هەرێمی كوردســـتان تا ئێســـتاش هەڵگرتنی چەكی نایاسایی و ڕێگەپێنـــەدراو لە زۆربەی ماڵەكانـــدا بوونی هەیە و تەنانەت بازاڕی چەكفرۆشـــتنیش گەرمە، زۆربوونی چەك لە ناو ماڵ و بازاڕ وایكـــردووە زۆرجار بە كەمترین هەڵچوونێك پەنا بۆ چەك ببردرێ و لەگەڵ بەكارهێنانیشـــیدا قوربانی لێكەوتووەتەوە، هەر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە كۆمەڵگەی (مســـێریك)ی سەر بە قەزای سێمێل، پیاوێك بە چەكەكەی هاوسەرەكەی خۆی كوشت. لە هەولێر پیاوێك بە ناوی گەیلان بە كلاشـــینكۆف نۆ گوللەی لە هاوسەرە تەمەن ٣٠ ساڵەكەی دا و هەشت گوللەشی لە كوڕە تەمەن شەش ساڵانەكەی دا و هەردووكیانی كوشت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی كە لە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشـــتنی تاوان وەرگیراون، بـــە وتەی براكەی ڕۆژی ڕووداوەكە تاوانبار لەگەڵ هاوســـەرەكەی دەچێتە ماڵی خەزووری بۆ ئەوەی نانی نیوەڕۆ لەوێ بخۆن، بـــەڵام دوای كەمێك پشـــوودان، گەیلان دەچێتە بەردەرگا ژنەكەشی لەدوای دەچێت، چونكە هەموویان دەیانزانی باری دەروونی تێكچووە، لەپڕ كلاشـــینكۆفەكەی كە بە نهێنیی ماڵەوە لە بازاڕی چەكفرۆشـــان كڕیبـــووی، لە ئۆتۆمبیلەكەی دەردەهێنێت و ژنەكەی دەداتە بەر دەستڕێژی گوللە و نۆ گوللە بەر جەستەی دەكەوێت، دەگەڕێتەوە ژوورەوە لەم كاتەدا كوڕەكەی خەریكـــی یاریكردن دەبێـــت، چەند گوللەیەكیش ئاراســـتەی جەستەی پەپوولەئاسای كوڕەكەی دەكات.

ئەوە لە كاتێكدایـــە كە كارمەندانـــی دەزگا ئەمنییەكان چەك دەبەنـــەوە ماڵ و بەئاســـانی منداڵ و گەورەكان دەســـتیان پێی ڕادەگات، ســـەرەڕای گەرمی بـــازاڕی چەكفرۆشـــتن بەبێ لێپرســـینەوە، لە چەند ساڵی ڕابردووشـــدا هەزاران هاووڵاتی بە پاساوی جۆراوجۆر مۆڵەتی هەڵگرتنی چەكیان پێدراوە. ئەوەش وایكردووە هەندێكجار هیچ مەبەستێكیشـــی لە پشـــت نەبووە و بە هۆی ناشـــارەزایی و بەكارهێنانی چەك لەلایەن منداڵێكەوە كارەساتی دروســـت كردووە. بەپێی ڕاگەیاندراوێكی ڕاگەیاندنی پۆلیســـی ســـلێمانی لەچەنـــد ڕۆژی ڕابردوودا لـــە گەڕەكی (ڕزگاریـــی تازە) منداڵێكی تەمەن دە ســـاڵان كاتێك یاری بە دەمانچەكەی باوكی كردووە و فیشـــەكێكی لە دەست دەرچووە و لە ئەنجامدا بەر منداڵێكی تەمەن هەشـــت ســـاڵان كەوتووە و دەمودەســـت گیانی لەدەســـتداوە، باوكی منداڵەكەش لەلایەن پۆلیسەوە دەستبەسەر كراوە.

ئومێد خۆشـــناو ســـەرۆكی فراكســـیۆنی زەرد لە پەرلەمانی كوردســـتان، لـــەو بارەیەوە بۆ گوڵان گوتـــی: «قەدەغەكردنی چەكهەڵگرتن لە ماڵان جێگەی هەڵوەستە لەسەر كردنە و پێویستە بە یاســـا لە پەرلەمان ڕێكبخرێت و پڕۆژە یاسایەك بە مەبەستی قەدەغەكردنـــی دیاردەی چەكـــداری لە هەرێمی كوردســـتان ئامادەبكرێت، هەرچەندە ئەو بابەتە لە گفتوگۆ نارەســـمییەكاندا چەندینجار لە نێوان فراكســـیۆنەكان و ئەندامانی پەرلەمان قسە و باســـی لەســـەر كراوە، بەتایبەت لە هەلومەرجی ئەمدواییەدا بەهۆی شـــەڕی داسەپاوی تیرۆریستی داعش وایكردووە چەك بە ئاسانترین شـــێوە بكەوێتە دەست هاووڵاتییان و كڕین و فرۆشتنی لە بازاڕی ڕەش پێ بكرێت، كە چەكیش كەوتە دەســـت هاووڵاتی ئەوا ڕۆژانە لە بچووكترین كێشەی كۆمەڵایەتیدا لوولەی تفەنگ ئاراســـتەی یەكتر دەكەن، لەبەر ئەو هۆكارانە پێویســـت دەكات بە زووترین كات یاسایەك بۆ ڕێگری لە ڕوودانی كارەسات ڕێكبخرێت، كە بە هیچ شـــێوەیەك ڕێگە بە هاووڵاتی نـــەدرێ چەك بباتەوە ماڵـــەوە، تەنانەت ئەوانـــەی كە لە ئەركـــدان نموونەی پۆلیس و پێشمەرگە و ئاســـایش، جگە لە كاتی ئەركی فەرمی كاتەكانی دیكـــە نەتوانن چەك بەكاربهێنن. لەلایەكی دیكەوە مۆڵەتی چەك هەڵگرتـــن لەلایـــەن وەزارەتی ناوخۆوە دەدرێ بەو كەســـانەی كە پێویســـتە چەكی شەخســـی بۆ حیمایەكردنی خۆیان بەكاربهێنن، بەڵام ئەگەر ئێمە یاســـایەكی توندمان هەبـــوو و ڕێگەی نەدا بە هیچ كەسێك چەك هەڵبگرێ و ئەوانەش كە لە ئەركدان نەتوانن لە دەرەوەی ئەركەكەیان چەك هەڵبگرن و بەكاری بهێنن، ئەوكات دەبێ وەزارەتی ناوخۆش پێداچوونەوە بە شێوازی مۆڵەتدان بكات».

هەردەوان نەقشبەندی مامۆستای زانكۆیە و وەكو كەسایەتییەكی ئەكادیمی ڕایوایە: «یەكێك لە هۆكارەكانی هەڵكشانی توندوتیژی لەناو خێزاندا هەبوونی چەكە لەناو ماڵدا، هەرچەندە داتایەكی ورد لەبەردەست نییە كە ئەم هۆكارەی پشتڕاست كردبێتەوە، بەڵام بەپێی میتۆدی ســـەرنجدان لەو كردە توندوتیژییانەی كە لە ئامارەكانی دەزگا پەیوەندیدارەكانـــدا ئاماژەیان بۆ دەكرێت، ڕێژەیەكی زۆر لە قوربانییـــەكان بەهۆی چەكەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە:، گوتیشـــی: «بە بڕوای من دیـــاردەی زۆربوونی چەك لەماڵاندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە وەكـــو نەریتێك بەلای زۆرێك لە خێزانەكانەوە چەك وەكو (شـــەرەفی ماڵ) تەماشای دەكرێ، لەبەر ئەوەی ئەو خێزانانـــە باوەڕیان وایە بەبێ چەك مرۆڤـــەكان لە بەرگریكردن لە مافەكانیان دەستەوەســـان دەبن، هەر ئەم باوەڕە نادروستە وایكردووە كە تاكەكانی خێزان بۆ وەرگرتنەوەی هەر مافێك دەســـتبەجێ پەنا ببنە بەر بەكارهێنانی ئەو چەكەی كە لەماڵدا هەیە. بە واتایەكی دیكە سایكۆلۆژیەتی بەشێك لە تاكەكان بە جۆرێكە كە متمانەی بـــە هیچ یاســـا و دەزگایەك نییە كە مافەكانـــی بۆ بگێڕێتەوە. لەلایەكیتـــرەوە ئەو كارمەندانـــەی كە لـــە دەزگا ئەمنییەكان و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگەدا كاردەكەن، پاش تەواوبوونی دەوامـــی فەرمی لەبری ئـــەوەی چەكەكان لەدەوام و لەشـــوێنی تایبەت جێبهێڵن، چەكەكان لەگـــەڵ خۆیان دەهێننەوە بۆ ماڵەوە، هێنانەوەی ئەم چەكانەش لەماڵەوە ئەگەرەكانی ڕوودانی كارەسات و توندوتیژی خێزانیش زیاتر دەكات، چونكە وەك زانراوە توندوتیژی كردن بە چەك كاریگەرییەكەی زۆر دژوارتر و سەختترە بە بەراورد بەجۆرەكانیتری توندوتیژی».

نەقیبی مافپەروەر فلامینا وەحید بەرپرسی نووسینگەی منارە بۆ بەرەنـــگار بوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و ڕاهێنەری مافی مرۆڤ لە هێزەكانی ناوەخۆ، ســـەرەتا باســـی ئەوە دەكات كە لە هەموو وڵاتانی پێشـــكەوتوو بەتایبەت لـــە ئەمریكا خاوەنداریەتی چەك بە مافی كەسێتی دادەنرێت، لە هەرێمی كوردستانیش بەپێی یاسای ژمارە ١٦ی ساڵی ١٩٩٣ چەكهەڵگرتن مۆڵەتدار كراوە كە مەرجەكانی بریتین لە: (تەمەنی پێگەیشتوو بێت، واتە لە سەرووی

**كۆی گشتی ئەو كەسانەی مۆڵەتی چەكیان لە ساڵی ٢٠١٤ وەرگرتووە ٢٧٨٠ كەسن و لە ٢٠١٥/١/٧ تاكو ٢٠١٥/١/٢٠ مۆڵەت تەواو بووە**

**ئەگەر كەسێك تاوانێك بە چەك ئەنجام بدات و چەكەكەی بێ مۆڵەت بێت، ئەوا دووجار تاوانبارە و دووجاریش دادگایی دەكرێت**

**ئەو چەكانە كە ئاسایی نین، پێویستە بە دیاری و بەڵگەنامە بدرێتە وەزارەتی پێشمەرگە و سوپاسنامەیەك وەك شەهادەی بە خاوەنەكەی بدرێت، تاكو هانی هەموو هاووڵاتییەك بدات ئەو كارە بكەن و لە لێپێچینەوە نەترسن**



١٨ ســـاڵەوە بێت، سەلامەتی تەندروستی و دەروونی هەبێت، هیچ پێشینەیەکی تاوانکاری نەبێت و لەسەر هیچ تاوانێك داوانەکرابێت، لەلای کەسێکی ناسراو، یان خۆی کەسێکی ناوسراو بێت، بۆیە بە هیچ شێوەیەك ناکرێت ١٠٠٪ هەڵگرتنی چەك قەدەغە بکرێت، بەڵام ئێمە پێویستمان بە ئەنجامدانی چەند ڕێکارێکە بۆ ئەوەی زامنی بەدەســت نەکەوتنی بکەین لەلایەن کەسانێك کە بۆ چەکهەڵگرتن نەگونجاو بن، ئەویش لە ڕێگەی ئەوەی جگە لەو مەرجانەی هەن لە ئێستادا ڕێکارەکان توندتر بکرێت بەوەی دوو جۆر ناسنامە هەبێت یەکەمجار ناســنامەیەك بۆ مۆڵەتدانــی چەککڕین کە ماوەکەی ســنووردار بێت لــە ٤٨ کاتژمێر تێپەر نەکات لە یەکشــەم تاکو سێشەم بدرێت و لەو هەفتەیەی پشووی تیایە نەدرێت تاکو زامنی کەمترین ماوە بکرێت بۆ مانەوەی مۆڵەتەکە لە دەســت کەسەکە، ئینجا بچێتەوە و ناســنامەی مۆڵەتــی هەڵگرتنی ئەم چەکەی پێبدرێت، لەو کاتەدا بەڵێننامەیەك کە هێزی یاسایی هەبێت، ڕێك خرابێت بە جۆرێك کە کەسە مۆڵەتدراوەکە ئاگادار بکاتەوە لەوەی کە تەنیا مۆڵەتی هەڵگرتنی ئەم چەکەی هەیە و پابەندی یاســا دەبێت لە ســەرجەم دامودەزگا و فەرمانگەو قوتابخانەو زانکۆ و شــوێنە گشــتییەکان نابێت بە دیاری دەرکەوێــت و لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئاگادار بکرێت لە کاتی فرۆشــتنی چەکەکەی ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار بکاتەوە و لە کاتی ئاگادارنەکردن بە شاردنەوە، هێشتنەوەی وەك تاوان سزا بدرێت، چونکە بە دڵنیاییەوە ئەوەی دەســتی دەکەوێت، مۆڵەتدار نییە، بۆیە پێویستە بە هەموو قۆناغی مۆڵەتپێدانی چەکدا دیســان تێپەڕ بێت و ئەگەر هەموو مەرجەکانی تیا بوو، ئەوا لەســەر ناوی فرۆشیار لابچێت بۆ سەر ناوی کڕیارەکە، ئەوەش زۆر گرنگە بۆ ئەوەی کەسێك چەکەکەی لای نەمــا، بزاندرێت چی لێکردووە و لای چ کەســێکی دیکەیە بــە بەڵگەنامە و ڕێکاری پێویســت، ئەوانە لــە رووی ڕێکاری یاسایی، ئەوەی دەمێنێتەوە هۆشــیاری خەڵکە بەرامبەر شێوازی هەڵگرتــن و بەکارهێنانی چەك، دەکرێت وەك مۆڵەتی شــوفێری خولی یەك هەفتەیی بۆ دابنێن، با لەســەر خەرجی کەســەکەش بێت، باشترە تاکو ئەوەی پێویست نەبێت وەری نەگرێت، لە کۆتایی خــول تاقیکردنەوەیەك بکات و ئەگەر لێــی دەرچوو، ئینجا پێی بدرێــت، واتا فایلێکی تەواوی هەبێت ئەو کەســە مۆڵەتدراوە، لە کۆتاییدا بەم جۆرە زامنی ئــەوە دەکرێ کە زانیاری لەبارەی ئەو چەکانــە هەن کــە لای کێن و لە هەمان کاتیشــدا بۆ وەرگرتنی زانیاری لە کاتی ڕوودانی تاوان ئاسانکاری دەکات». گوتیشی: «ئەوەی چەکی هەیە و شــیاو نییە لە ماڵ هەیبێت، هەروەها ئەو چەکانە کە ئاســایی نین، پێویستە بە دیاری و بەڵگەنامە بدرێتە وەزارەتی پێشــمەرگە و سوپاسنامەیەك وەك شەهادە بە خاوەنەکەی بدرێــت، تاکو هانی هەموو هاووڵاتییەك بدات ئەو کارە بکەن و لە لێپێچینەوە نەترسن» .

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیســی هەولێر (ڕائید کاروان عەبدولکەریم) باس لە ئەنجامدانی تاوان بە هەر ئامڕازێك بێت، بەپێی قانونی عێراقی لێپرســینەوە لەگەڵ کەســی تاوانبار دەکرێ و بەپێی هەمان یاسا سزا دەدرێ، گوتیشی: «لەو حاڵەتەی کە کەسێك تاوانێك بە چەك ئەنجام دەدات، ئەگەر هاتوو چەکەکەی بێ مۆڵەت بوو، ئەوا ئەو کەســە دووجــار تاوانبارە و ڕووبەڕووی لێکۆڵینــەوەش دەبێتــەوە و دووجاریش دادگایی دەکــرێ، لەبەرئەوەی جارێك تاوانی ئەنجامداوە، جارێکی دیکەش چەکی بێ مۆڵەتی هەڵگرتووە، دیارە ئەو مۆڵەتەی کە لە پارێــزگای هەولێر بەشــی ناوخۆ دەردەچێ دوو جــۆرە، جۆرێکیــان ئەوەیە کە چەکەکە تەنیا لــە ماڵــەوە دادەندرێ و نابێ بە دەستەوە بگیرێ، جۆری دووەم بۆ هەڵگرتنە و ئەو کەسە دەتوانێ چەکەکەی هەڵبگــرێ، تەنانــەت برایانــی پێشــمەرگە و پۆلیس و ئاسایشیش ئەگەر هاتوو تاوان بــە چەکەکەیان کە هی میرییە ئەنجامدا، وەکو هەر تاوانبارێکی ئاســایی ڕووبەڕووی هەمان یاســای عێراقی دەبنەوە.

لــە لای خۆیەوە بەڕێوەبەری هۆبەی چەك لە پارێزگای هەولێر (نەقیب شــڤان نەجمەدین) لــە ئاخافتنێکی تایبەتدا بۆ گوڵان ئاشکرایکرد کە بەپێی ئاماری بەشی ناوخۆی پارێزگای هەولێر، لــە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٦/٣ تاکو ٢٠١٤/١٢/٢٩ ، (٢٣٥٤) کەس مۆڵەتی چــەك هەڵگرتنیان وەرگرتووە. لە ڕێکەوتی٢٠١٤/١/٥ تاکــو٢٠١٤/٣/٢٨ (٤٢٦) کەس مۆڵەتی چــەك هەڵگرتنیان وەرگرتووە. لە ســاڵی ٢٠١٤. کۆی گشــتی ئەو کەســانەی مۆڵەتی چەکیان وەرگرتووە ٢٧٨٠ کەسن و لە ٢٠١٥/١/٧ تاکو ٢٠١٥/١/٢٠ ، مۆڵەت تەواو بووە.

**مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکیشی (بۆ سنووری پارێزگای هەولێر) بەمجۆرە دەستنیشان کراوە:**

١- پێویستە ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێت.
٢- دانیشــتووی هەولێر بێت و ناســنامەی باری شارستانی و کارتی زانیاری هەولێر بێت.
٣- تەمەنی لە ٢٥ بیست و پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.
٤- پێویستە ســەرەتا داواکارییەك پێشکەش بە پارێزگا بکات و ڕەزامەندی لەم فەرمانگانانە هەبێت:
أ- لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی.
ب- بەڕێوەبەرایەتی بەڵگە و تاوانی هەولێر.
ت- بنکەی پۆلیسی شوێنی دانیشتن (گەڕەك).
پ- بنکەی ئاسایشی شوێنی دانیشتن (گەڕەك) کە ئەویش بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرزی دەکاتەوە.

ئینجا بەپێی مەرجەکان مۆڵەتی چەك هەڵگرتنی بۆ دروســت دەکەن.

ئەم مۆڵەتەش (عدم تعرض)ـە و ناسنامە نییە.

**هەرچەندە داتایەکی ورد لەبەردەست نییە کە ئەم هۆکارەی پشتڕاست کردبێتەوە، بەڵام بەپێی میتۆدی سەرنجدان لەو کردە توندوتیژییانەی کە لە ئامارەکانی دەزگا پەیوەندیدارەکاندا ئاماژەیان بۆ دەکرێت، ڕێژەیەکی زۆر لە قوربانییەکان بەهۆی چەکەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە**